وەزیری پێشمەرگە: هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند، دڵنیابوینەوەی هاوکاری ئەمریکاو هاوپەیمانان بۆ هێزی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت،وتیشی هەوڵەکانیان بۆ سەرخستنی پڕۆسەی چاکسازی لە وەزارەتەکەیان چڕتر کردونەتەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە لە ڕاگەیەندراوەکدا وتی، ئەمڕۆ دوشەممە، شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگە پێشوازی لە کۆڵۆنێڵ دێک پایلویک، بەرپرسی نوسینگەی هاریکاری ئاسایش لە کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و تیمێکی سەربازی یاوەری کرد.

لەبەشێکی کۆبونەوەکەدا، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، دەربارەی دواین بەرەوپێشچونەکانی پرۆسەی چاکسازی و بنیاتنانی دو ناوچەی سەرکردایەتی سەربازی و فیرقەکانی پیادە لە وەزارەتی پێشمەرگە گفتوگۆکرا، وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند: پرۆسەی چاکسازی بەردەوامەو هەوڵەکانمان بۆ سەرخستنی چاکسازی چڕترکردەتەوە.

لەبارەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەزیری پێشمەرگە و بەرپرسی نوسینگەی هاریکاری ئاسایش گفتوگۆیانکرد، وەزیری پێشمەرگە ستایشی پشتیوانی بەردەوامی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کرد بۆ وەزارەتی پێشمەرگە راشیگەیاند: "هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغی گەشەسەندن و بەهێزبوندایە بۆ ئەمەش پێویستمان بە هاوکاری دۆستەکانمانە لە سەرو هەمویانەوە ئەمریکا، دڵنیابوینەوە ئەمریکاو هاوپەیمانان لە هاوکاری و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبن."

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، [illegible] دەک پایلویک رایگەیاند: بەردەوام هاوکاری وەزارەتی پێشمەرگە دەبین بۆ بنیاتنانی ژێرخانەکی سەربازی نیشتمانی بەهێز و بۆ ئامانج گەیاندنی پرۆسەی چاکسازی.